# ڕووبەڕوو

د . ڕەفیق سابیر

دەوراندەوری ئارامییە
بەردەکان بە کپی دەدوێن
تاریکی دەلەرێتەوە.

دەورووبەری بێدەنگییە
ڕەنگەکان ڕێگا ، ڕووناکی دەلیل
بەرەو خۆی دێنێتەوە.

زەمانی داوە بە کۆڵدا
ڕووبەرووی خۆی دەبێتەوە.
بەڵام خۆی دەناسێتەوە؟

# سەگوەڕ

سەگوەڕە ، سەگوەڕە و سەگوەڕ
دەبێت ڕێکەوت بێت یان قەدەر
کە شەوی حەشری سەگدڵان ،
منی شەلاڵی تریفە ،
بە تەنیا ڕێم گرتۆتە بەر؟

بەڕێوەم و ڕاستی بەهانەی سەفەرە
خەون خۆی ئاسا ڕێبەرە ،
کە من وەک (عەکسی قەمەر) بم
چ باکم حەپە و سەگوەڕە.

# بینین

ڕووناکی لەسەر پێڵووەکانت
داهاتوو لەسەر دەستەکانت
شەویش ڕەشماڵێکی چۆڵکراوە
ئەڤینی تۆ ئاوەدانی کردۆتەوە.

باسکەکانم بۆ تریفە ڕاخستوون
شەو بۆن دەکەم
پەلکە گوڵێکی وەریو بۆن دەکەم
که دەڵێی چاوەڕێی شتێکە
هەڵمی دارستان و
ئەو شەپۆلانە بۆن دەکەم کە شەوبا
ڕووتیان دەکاتەوە.

لە چاوەکانتدا فەزا ئاوێنەیە
پرسیارەکان: بێکۆتایی
زەمانیش: زایەڵە.
من داهاتووم دەبینم
ژیان و مردنم دەبینم.

ڕووناکی لەسەر پێڵووەکانت
ژیان لەسەر دەستەکانت.

## بەیانی بوو وەک ئێستا

بەیانی بوو وەک ئێستا
جوانترین سات بۆ ونبوون:
تۆ لە چاوەڕوانیی مندا
منیش لە سۆراخی هیچدا.

بەیانی بوو وەک ئێستا
نە هەتاو بوو ، نە سێبەر
نە بێدەنگی ، نە پەیڤین
نە کۆتایی دیار ، نە سەرەتا
بە تەنیا ڕێگا ئاواڵەکان و
دوو جەستەی شەکەت ،
دوو تارمایی درەوشاوەی
ساتێکی ئەودیو زەمان.

لەودیو ساتەکانەوە
بولێڵ و چاوەڕوانی بوو
وەک کوێر دەستم دەگێڕا
چنگم پڕی بۆشایی بوو
پڕی گومان و ترس
پڕی بێکۆتایی بوو
لەوسەری مەودایەکانیش تۆ دیار نەمایت؛
زەمان وەستا
بەیانی بوو وەک ئێستا.